20-10-2006 9:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# من ئەمەوێت بگریم..... کانی هەڵەبجەیی



من ئەمەوێت لە بەیانی یەکی بێ هیوادا
نوقم ببم... تێر تێر بەسەر شانی سەرابدا بگریم
من ئەمەوێت لە پایزێکی تەنهایی دا
بژیم... تا بەسەر تابوتی گشت گەڵایەکدا بۆخۆم بگریم
ئەمەوێت بفرم... نەك بۆلای تۆ یان بە ئاسمانێکی ڕۆشندا
نااا... بۆماڵی شەهیدێك□.
تا لەگەڵ دایکیدا تێر بۆ فرمێسك بگریم
ئەمەوێت هاوار بکەم... هاوارەکەشم بگاتە گوێی خودا
تا بتوانم بۆ گەورەیی خوواوەندیش تێر تێر بگریم
من ئەمەوێت ببمە شەوێکی یەڵدا
هاوشانی گشت عاشقێکی زەوت لێکراو
لە تەک گشت فرمێسکی چاوەڕوانی کیژۆلەیەکی ئەویندار
ئەنفالکراو
ترۆ ترۆ منیش بگریم□.
ئەمەوێت پیاسە کەم... نەك لە سەهۆڵەکە یان بە شەقامی سالمدا
بەر لە کۆلانە چۆڵەکانی هەنیسکێکدا
لەگەڵ ویژدانی هەموو یاریزانەکانی ئەویندا
. تا دەتوانم بگریم...
من ئەمەوێت بگریم... بگریم... بگریم□.

هۆڵندا